# ئایا نوێژەکەی لەناو پاسدا بکات، ئەگەر هاتوو پاسەکە نەوەستا تا کاتی نوێژەکە بەسەر دەچێت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد


وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# هل تصلي الصبح في الحافلة إذا كانت لا تتوقف إلا بعد خروج الوقت ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# ئایا نوێژەکەی لەناو پاسدا بکات، ئەگەر هاتوو پاسەکە نەوەستا تا کاتی نوێژەکە بەسەر دەچێت

ئـەم پـرسیـارە ئـاڕاستـەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار ووەڵام کراوە:

**پرسیار** : من ڕۆژانـە کـاتژمێر پێـنجی بـەیانـی بۆ شوێنـی کـارەکـەم سەفەر دەکەم، بانگی بەیانیش پاش کاتژمێر پێنج دەدات، ئایا نوێژکردن دروستە لەناو ئەو پاسەدا، لەکاتێکدا لەبەر پەیوەست بوون بە کارەکەیەوە پاسەکە ناتوانێت بۆ نوێژکردن بوەستێت ؟ وە ئایا ئەگەر وەنەوەز لەناو پاسەکەدا زۆری بۆ هێنام دروستە نوێژ بکەم ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

**یەکەم** : بێگومان ئاشکرایە کە نوێژ واجبە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت، وە ئەگەر زانی کە لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ سەر کارەکەی نوێژەکەی دەفەوتێت، ئەوە دەبێت ئیحتیاطی خۆی بکات بۆ کردنی نوێژەکەی، بەو شێوەیەی  پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبیلەکە ببێت نوێژەکەی بکات، یان ئەگەر سواریش بوو دڵنیا بێت لەوەی کاتێك دابەزی بتوانێت نوێژەکەی لەکاتی شەرعی خۆیدا ئەنجام بدات ؟

وە ئەگەر ئەو نوێژە لەو نوێژانە بوو کە دەتوانرا لەگەڵ نوێژێکی تردا کۆ بکرێتەوە، وەك نوێژی نیوەڕۆ و عەسر، یان نوێژی ئێوارە و خەوتنان، لەم کاتەدا دەتوانێت بەپێی کاتی سەفەر و بۆ گونجان، یان نوێژەکان پێش بخات ولە کاتی نوێژی یەکەمدا هەردوو نوێژەکە بکات، یان دوای بخات لەکاتی نوێژی دووەمدا بیانکات، بۆ ئەوەی ناچار نەبێت نوێژەکەی لەناو ئۆتۆمبیلدا

ئەنجام بدات، چونکە بێگومان هەندێك ئەرکان و واجباتی ناو نوێژەکەی خەلەلی تێدەکەوێت .

**دووەم** : دیار کە نوێژی بەیانی لەگەڵ هیچ نوێژێکی تردا کۆناکرێتەوە، بۆ نمونە : ئەگەر هاتوو مرۆڤی موسڵمان پێش هاتنی نوێژی بەیانی سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو، وە نەیشی دەتوانی ئەو ئۆتۆمبیلە بۆ نوێژکردن ڕابگرێت، وە گومانی زۆریشی وابوو کە ئەگەر هاتوو نوێژەکەی نەکات تا کاتی دابەزینی لە ئۆتۆمبیلەکە نوێژەکەی دەفەوتا و کاتەکەی بەسەر دەچوو، چونکە دەیزانی ئۆتۆمبیلەکە ناگاتە شوێنی دیاری کراوی خۆی دوای هەڵهاتنی خۆر نەبێت، لەم کاتەدا ئەم کەسە دروستە نوێژەکەی لەناو ئەو پاسەدا بکات، و بەپێی توانا و بۆ گونجانی ئەرکان و مەرج و واجبەکانی ناو نوێژ ئەنجام بدات و بەجێیان بهێنێت، ئەوەشی کە نەیتوانی گرفت نییە و لەسەر دەکەوێت، وە دروست نییە نوێژەکەی دوابخات و نەیکات تا کاتەکەی بەسەر دەچێت .

بۆ نمونە ئەگەر توانی بە وەستانەوە و ڕوو بە قیبلە ڕکوع وسوژدە بەجوانی ببات ئەوە واجبە ئەو ئەرکان و واجبانە بەجێ بهێنێت .

مرۆڤ دەتوانێت لەناو پاسدا بە پێوە بۆ نوێژ کردن بوەستێت، یان بەپێی توانا ڕوو لە قیبلە بکات، بۆ ڕکوع و سوژدە بردنیش ئەگەر نەیتوانی بە پێی پێویست ئەنجامیان بدات ئەوە دەبێت هەر بە پێی توانا سەری نزم بکاتەوە لەو کاتەدا، بە شێوەیەك بۆ سوژدە بردن زیاتر سەری دابنەوێنێت، باشتریش وایە کاتێك ڕکوع ببات کە بە پێوە بێت ئەگەر بۆی گونجا بوو کە بوەستێت، ئەمجا دابنیشێت لەسەر کورسیەکە و ئەوجا سوژدەکانی ببات .

**سێهەم :** لای زانایان ڕای دروست تر ئەوەیە : خەوی زۆر قوڵ کە مرۆڤ هەست بەوە نەکات کە دەست نوێژی شکاوە، ئەگەر شکایش بوو، ئەگەر بەم شێوەیە بوو ئەوا دەست نوێژەکەی شکاوە، بەڵام

خەوی سووك كە مرۆڤ هەست دەكات بەوەی كە دەست نوێژی شكاوە ئەگەر شكا، ئەوا ئەم جۆرە خەوە سووكە دەست نوێژ ناشكێنێت .

جا ئەگەر هاتوو خەوەكەت لەناو پاسەكەدا خەوێكی قوڵ بوو ئەوا بێگومان دەست نوێژەكەت شكاوە، بەڵام ئەگەر هاتوو خەوێكی سووك بوو ئەوا دەست نوێژت ناشكێت .

وە ئەگەر هاتوو مرۆڤ دست نوێژی شكاو و نەیواتنی دەست نوێژ بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی كە ئەو پاسەی تێیدا سەركەوتووە نەوەستا لەڕێگا ئەوا دەتوانێت تەیەموم بكات، بەو شێوەیەی كە دەستی بكێشێت بەلایەكی ڕارەوەی ناو پاسەكەدا و بیهێنێت بەدەموچاوی وهەردوو لەپی دەستیدا و ئەمجا نوێژەكەی بكات ولەكاتی دیاری كراوی خۆی دوای نەخات ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام .